# لیبرالیزمی نوێ

## وەکو ڕێگەچارەی سێیەم بۆ گەشەسەندنی سەرمایەداری لە کتێبی (دوای نیولیبرالیزم)دا

و: ئاسۆ فەتاح

ئالان تورین بیریار و کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ نیولیبرالیزمی توندڕەو و ڕەخنەگری توندڕەو پێشکەشکردووە، چونکە هەردووکیان بە بیروڕای تورین کێشەیان لەگەڵ تواناکانی مرۆڤدا هەیە بۆ بەرگریکردن، تەنانەت توانایان هەیە کار لە ڕێڕەوی ژیانیشیان بکەن.

تورین لە بەرانبەر ئەمەدا بانگەشە بۆ نوێکردنەوەی ئەو باوەڕە بەتوانا مرۆییە دەکات، لە بەرگریکردن لەپێشبوونی ئینسان و لەپێشبوونی چارەسەری کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر دڕندەیی و توندوتیژی سەرمایەداریی ئابووری بێ دەربەست و خۆدانەدەست ڕێگەیەك کە ئیرادەی مرۆڤ ئیفلیج دەکات، بەڵام پێش ڕەخنەگرتن لە نیولیبرالیزم پێویستە بزانین نیولیبرالیزم چییە؟

نیولیبرالیزم: بیروباوەڕ، یان ئایدۆلۆژیایەکی سەرمایەداریی نوێیە کە ئابوورییانە تێکەڵی بازاڕی ئازاد و سیاسییانە تێکەڵ بە دیموکراسیی نوێنەرایەتی و، کۆمەڵایەتییانەش تێکەڵ بە سەربەستی تاکەکان دەبێت. هەروا پێیوایە بازاڕ قیبلەنمایەکی بنچینەییە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێگەچارە مرۆییانەی کە بۆ ئێمە ڕەخساوە جا چ ڕێگەچارەی ئابووری بێ، یان کۆمەڵایەتی، یان کلتوری، بە جۆرێ کە لەپێشبوونی یەکەم بە بازاڕ دەدات لە ڕێبەرایەتیکردنی گۆڕانکارییە گەورەکانی ئێستادا. ئێستا ئەمە بە کرۆکی ئایدۆلۆجی و فیکریی عەولەمەی ئابووری دادەنرێ. پێشنیارێکی بنچینەیی کە تورین دەیەوێ باوەڕی خۆی پێ بهێنێ بریتیە لە توانای

مرۆیی و کۆمەلایەتی بۆ کۆنترۆلکردن، یان دەستگرتن بەسەر چارەنووسی مرۆیی خۆیدا. بەم باوەڕە، تۆرین ڕووبەڕووی ئەزموونێکی ڕاستەقینە دەبێتەوە، چونکە کەوتۆتە نێوان بەلگەگەلی تیۆری (بازاڕی نیولیبرال و چەکوشی تیۆریی دەولەت و بەلگەی زال و سەپێنراو بەسەر ئابووریدا). دەربارەی ئەم مشتومڕە و، سەبارەت بە دۆخی بەجیهانیبوون و ئاراستە بنچینەییەکان لە دنیای ئەمرۆماندا، دوو قوتابخانەمان هەیە.

قوتابخانەی یەکەم: لە لایەنگرانی بەجیهانیبوون پێکدێ کە بەڕادەیەکی کوێرانە باوەڕیان بە پاراستنی جیهانگری هەیە. بەو پێیەی جیهانگری گرنگترین میکانیزمێکە ئێستاو داهاتوو دروست دەکات و هیچ دەسەلاتێکمان نییە جگە لە قبولکردنی دەرەنجامەکانی. بەلام لایەنگرانی قوتابخانەی دووەم، ئەوانەن کە بەرهەلستی جیهانگیری دەکەن و بە شەڕێکی داسەپاوی دەزانن، چونکە لە داهاتوودا کۆمەلگەی ناوخۆیی و کلتورەکەیان لەناو دەباو تێکدەشکێنێ، ئیدی بەجیهانیبوون کردارێکی تێکشکێنەرە و ناوەستێنرێت.

تورین ئەم دوو هەلوێستە، سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان لە دوو چوارچێوەی دژبەیەکدان. بە یەك دەچوێنێ.

ڕووی لێکچوو لە هەردووکیاندا لەوەدا دەردەکەوێ کە هیچ کامێکیان، یان هیچ قوتابخانەیەکیان ڕێگەچارەیان پێ نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شوێنەوارە چەوتەکانی جیهانگیری و پەرەپێدانی ڕووە پۆزەتیڤەکانی، بەلکو ئەوەی لەو دوو هەلوێستەدا دەیخوێنینەوە بانگەشەیەکی سلبیانەیە کە مرۆڤ چارەنووسی خۆی بخاتە بەر ڕەحمەتی میکانیزمی ئابووری و بازاڕی بە عەولەمەکراوو ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانی.

تورین قوتابخانەی یەکەم وا وەسف دەکات کە قوتابخانەیەکی (تاکە ڕێگاچارەیە) و قوتابخانەی دووەم بە دژبەری قوتابخانەی یەکەم ناودەبات. لەنێوان ئەم دوو قوتابخانەیەدا ڕای سێیەم هەیە کە تۆرین خۆی دروستی کردووە و بانگەشەی بۆ دەکات و یەکەمجار جەوهەرەکەی لەسەر گرنگی خۆ بەدەستەوەدان دامەزراوە، واتە ئێمە بە قۆناغێکی مێژووییدا تێدەپەڕین و عەولەمەی ئابووری و لیبرالیزمی نوێ دوو داواکارین کە ناتوانین لێیان دەربازبین وەکو گەشەسەندنێکی مێژوویی بۆ سەرمایەداری، بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بەڕەهایی تەسلیمیان بین، یان خۆمان بەدەستەوە بدەین. پاشان پشت بەوە دەبەستێ کە وەکو (بەرگرییەکی پۆزەتیڤانە) کە مەبەستەکەی ئەولەویەتدانە بەکردار و سوربوون لەسەر گۆڕانکاریی پێویست بە بەردەوامیدان بە گلەیی و گازندەی ڕەشبینانە کە هیچ چارەیەك ناخاتەڕوو.

تۆرین بنچینەی هەلوێستەکەی خۆی لەسەر (٣) بنەما داڕێژشتووە. یەکەم: عەولەمەی ئابووری ئیرادەی ئێمە ئیفلیج ناکات لەسەر کرداری سیاسی.

دووەم: نابێ کرداری کەمە نەتەوایەتی بەدبەخت بخرێتە چوارچێوەی هەلگەڕانەوەی دژ بە دەسەلات،

بەڵكو ئەمە جەختكردنەوەیە لەسەر داواكاری مافەكانیان بەتایبەت كۆمافی كلتووری. واتە بریتییە لە ڕێگەچارەی دروسكەر نەك بەتەنیا رەخنەی نێگەتیڤانە لە كۆمەڵگە.

سێیەم: جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كە هەر شكڵێكی دامەزرێنەرانە، پێویستە لەسەر بەدیهێنانی مافەكان بنیاتبنرێت. هەر سیستەمێك بەبێ بوونی ئەو هۆكارانە، زۆردار و بێ كاریگەر دەبێت.

ئەم سێ بنچینەیە لە كتێبەكەی تۆرین دا رەنگدەدەنەوەو شێوازەكەیان قووڵتر دەبێتەوە و زۆر رۆچووە، تۆرین لە چارەسەری ئەم كێشەیەدا تەنیا رەخنە لە (راستی راستڕەوی سەرمایەداری) ناگرێ كە زۆر بە گرِوتینە بۆ جیهانگیری، بەڵكو وەكیەك رەخنە لە كارنەكردنی چەپی چەپڕەوە رەشبینە بێ سنوورەكان دەگرێ.

سەرەڕای ئەمە تۆرین باوەڕی وایە كە قۆناغی گواستنەوە بۆیان لە ماوەی نیولیبراڵیزمدا زەروورییە لەبەر ئەو سلبیاتانەی كە هەیەتی هەرچەندە ئەو لە مەبەستێكی جیاوازترەوە هەڵدەداتێ، لەكاتێكدا كە دەیەوێ كرداری گواستنەوە بەرجەستە بكات و بیگۆڕێ لە شێوازێكی دیاریكراو لە شێوەكانی زاڵبوونی كۆمەڵایەتی و سەرفرازی ئابووری بۆ شێوەیەكی تر، لەو شێوانەدا كۆنترۆڵكردنی كۆتایی بە نیسبەت پێشنیارەكەی ئەوەوە پێویستە لەژێر سایەی ڕێگەچارەی كۆمەڵایەتی دابێت نەك ئابووری (بەشێوەیەك دووەمیان ملكەچ دەكات بۆ یەكەمیان) و بێ دانپیانانێكی هۆشیارانە بە قوڵایی ئەو گۆڕانكاریانەی كە لەسەر ئاستی جیهان دا پێیدا تێدەپەڕین. لە راستیدا ئێمە خۆمان دەخەڵەتێنین و بیر لە خۆزگەكانمان دەكەینەوە لەم پێناوەدا ئەو رێگەیەی كە تۆرین پێشنیاری دەكات یەكسەر ڕێگەی سێیەمیان وەبیر دەهێنێتەوە كە كۆمەڵناسی ئینگلیزی (ئەنتۆنی گیدنز) دەڵێ ئەوە واقیعێكی پۆزەتیڤانەیە واتە كە دان بە گۆڕانكاریدا دەنێ، بەڵام كار لەسەر جوانكردن و ملكەچكردنی دەكات بۆ مەرجی كۆمەڵایەتی. پرسیاری مەركەزی بەلای (تۆرین)ەوە ئەوەیە كە داخۆ دەبێ باوەڕمان بە گرنگی دابڕان هەبێ لە سیستەمی دەسەڵات لەسەر ئاستی جیهان یان بە مانەوە لە بزووتنەوە كۆمەڵایەتییە هەروەزییەكاندا و بە گەیشتنی ببێتە هۆی گۆڕینی ئەم سیستەمە بۆ ئەوەی پێك بێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی مرۆیی دا بۆ چین و توێژە بەدبەخت و بە پەراوێزكراوەكان لەسەر لایەنی كۆمەڵایەتی مرۆییدا.

بۆ پاڵپشتیكردنی روانینەكەی خۆی سەبارەت بە توانا نامرۆییەكانمان لە رووبەڕووبوونەوەی گەورەبوونی ئابووری و بازاڕ، (تۆرین) بانگەواز بۆ ئەزموونێكی مێژوویی كە پاڵپشتی وتەكانی خۆی دەكات و دەڵێ بە ئیمكانیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئابووری لەسەر زەمینەی خۆی و بەبێ (ناچاربوون)

بۆ نەفیکردنی یان وای دابنێی تاوانێکەو پێویستە لێی رزگاربین، لەمەوبەر لەدوای گەشەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە رەگ داکوتراوو بەرفراوانەی هاوڕێیەتی کرد رووبەڕووبوونەوەی فراوانبوونی سەرمایەداریی گەورەو دڕندە لەم کاتەدا دیموکراسیی پیشەسازی گەشەیکرد بۆ سووککردنی ئەو زیاد فراوان بوونەوەی سەرمایەداری و ملکەچکردنی بۆ مەرجی کۆمەڵایەتی، لە قۆناغێکی دواتردا واتە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەم دیراسەتە گەشەی کرد (توێژینەوە) بەو ڕادەیەی کە گۆڕاو و ناسرا بەو دەوڵەتە خۆشگوزەرانەی کە رووبەرووی ئیستبدادی بازاڕ و شوێنەوارە نێگەتیڤەکان لەسەر هەژاران وەستا لە دواییدا لە تواناماندا هەیە لە قۆناغی جیهانگیریی ئابووری ئێستا بگەینە سازش لەگەڵێداو بەشێوەیەك تەحەدای تواناو داهێنراوەکانی نەکەین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا کلیلی پێشەوایەتی و رابەرایەتیکردنی نادەینێ، بەبێ ئیرادە شوێنی ناکەوین و لە دابڕینێکی کرداری رووبەڕووبوونەوەو گەیشتن بە سازشێکی مرۆیی لەگەڵ بازاڕ دا کە بەرژەوەندی مەرجی کۆمەڵایەتی و رۆڵێکی سەرەکی کە (تۆرین) دەیداتە رۆشنبیران ئەوەیە کە ئێمە لێرەدا رووبەرووی کردارێکی ئاڵۆز دەبینەوە کە پێویستی بە بەپڕکردنەوەیەکی بەکۆمەڵ هەیە و ئاسانکارییەك کە کەس دەرەقەتی نایەت جگە لەو رۆشنبیرانەی کە کاری گرنگی ئەوان رۆشنکردنەوەی رای گشتییە بە قوڵایی گۆڕانکارییەکان و شوێنەوارەکانیشی لەسەریان، هەروەها ئاشکراکردنی راستی دروشم و ئامانجەکان ئەوەی کە میکانیزمە ئابوورییە گەورەکان لەخۆی دەگرن.

تۆرین بە تەرکیزی خۆی هەمیشە جیاوازی لەنێوان رۆڵی رۆشنبیراندا کردووە. لێرەدا هیچ نامۆ نییە کە کورتەی ئەم کتێبە تایبەت بکرێ بۆ رۆڵی رۆشنبیران لە بەستنەوەی کاری کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی ئابووری و سیاسییەوە.

ئەوەی لە کتێبەکەی (تۆرین)دا باس نەکراوە ئەوەیە کە (تۆرین) گرنگی بە دژە ئاراستەکانی نیولیبراڵیزم نەداوە لە کۆمەڵگا نارۆژئاواییەکاندا و هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لە کتێبەکەی (تۆرین)دا کراوە لە چوارچێوەی ئەمریکاو ئەوروپادا چڕکراوەتەوە.

ئەو پێشنیارانەی کردوویەتی تەنیا بۆ فەرەنساو وڵاتانی ئەوروپا دەگونجێ، باسی کۆمەڵگەکانی دیکە ناکات بەتایبەتی جیهانی رۆژهەڵات کە جیاوازییەکی گەورەی هەیە لە دروستبوون و ئابووری و سیاسەت و رۆشنبیریدا کە لەوانەیە بانگەشەی نزیکبوونەوەی نوێ و گشتی بکات.